# ئایا كۆمەڵی ئیسلامی دەستبەرداری ئەزمونی حەماسی ئیسلامی فەلەستینی دەبێت؟

## «راوەستان لەسەر ئایندەی سیاسی كۆمەڵی ئیسلامی»



**سەلام عەبدولكەریم**
خوێندكاری ماستەر لەزانكۆی سلێمانی
Salam_jornalist80@yahoo.com

### قسەیەكی پێویست

مەبەست لەلێكچواندنی كۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی حەماسی ئیسلامی فەلەستین بوونی خاڵی هاوبەشە لەنێوانیاندا لەرووی گوتاری ئاینی، ئاراستەی كاركردنی سیاسی، بەشداری سیاسی و ....تاد.

### سەرەتایەكی پێویست

كۆمەڵی ئیسلامی لەو كەسو گروپانە پێكهات، كەپاش نائومێدبوونیان

لەقبوڵکردنی ئەنجامەکانی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەلایەن کۆچکردوو م.عەلی عەبدلعەزیزی رابەری بزوتنەوەکەوە، لەرۆژی(٣١/٥/٢٠٠١) وەك هێزێکی سیاسی خۆیان راگەیاندو دواتریش ژمارەیەك کەسایەتی تری نێو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بەسەرکردایەتی شێخ محەمەد بەرزنجی چوونە نێویەوەو تاپێش هەڵبژاردنەکانی(٢٥/٧/٢٠٠٩)یش چوارچێوەی ئەم هێزە بەچوونی ژمایەکی تر فراوان بوو. کۆمەڵی ئیسلامی لەتەمەنی سیاسی خۆیدا بەشداری دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەچوارچێوەی کوردستاندا کردووە، جگە لەبەشداریکردنی لەهەڵبژاردنی پارێزگەکان و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق. دواین ئەنجام کەئەم هێزە سیاسییە بەدەستی هێناوە بریتییە لەبردنەوەی(١٣)کورسی پەرلەمانی لەچوارچێوەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیدا، کە(٤) کورسییان بەردەکەوێت. ئەو ئەنجامەی لیستی چوار حزبەکە بەپلەی یەکەم هەریەکە لەیەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی خستە بەردەم پێویستی پێداچوونەوە بەکارو چالاکی و ئەدای سیاسییەوەو لێرەوە بەدواوەش هەردوولا سەرقاڵی خۆرێکخستنەوەن بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. چونکە بەگوێرەی شیکردنەوەو پێشبینییەکانی خۆیان ئەو ئەنجامە چاوەروان نەکراوبوو بەباری سلبیداو دەشێ لەسەر چەند ئاستێك بخوێنرێتەوە.

ئێمە لەنوسینێکی دیکەدا تارادەیەك هەندێ لەو هۆکارانەمان خستەروو کەلەپشتەوەی ئەو ئەنجامانەوە بوون، لێرەوە هەوڵی خوێندنەوەو راوەستان دەکەین لەسەر ئایندەی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، چونکە هێزە ئیسلامییەکان یان ئیسلامی سیاسی(مەبەست لەو هێزە ئیسلامییانەیە کەئامانجی سیاسییان هەیە)جگەلەوەی لەسەرەتای دروستبوونی گۆرەپانی سیاسی کوردستانەوە بوون و ئامادەییان هەبووەو هاوکات وەك ئەوەش کەبوون بەدیاردەو بەشێك لەگۆرەپانی سیاسی پێویستی بەخوێندنەوەو شیکردنەوەو راڤەکردنی کارو چالاکی و ئاراستەی کارکردن و جۆرو چۆنێتی بەشداری سیاسییان لەروانگەیەکی بابەتی و زانستییەوە هەیە ، چونکە دواجار بەشێکی زۆر لەرووداوو پێشهاتەکان پەیوەست دەبن بەم هێزانەوە چ وەك هێزی سیاسی یاخود وەك هێزی ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەمان و یاخود وەك هێزی سیاسی بەشدار لەحکومەتدا ئەگەر هاتوو بەشدار بوون.

## پوختیەکی نەخشەی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی

کۆمەڵی ئیسلامی دوای راگەیاندنی، تالیدانی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە لەناوچەکانی کوردستاندا بەگشتی و بەتۆپزیش لەسنوری ناوچەی خورماڵ و ئەحمەدئاوادا کارو چالاکییان هەبوو، دوای لێدانی عێراقیش بەحوکمی ئەوەی بەشێك لەبارەگاو بنکە سەربازی و سیاسییەکانیان بەر موشەکبارانی هێزەکانی ئەمریکا کەوتو بەهۆی رێکەوتنێکەوە بەشێکی زۆری هێزەکانیان چوونە سنوری ناوچەکانی دارەشمانەو رانیەو پشدەر. ئایدۆلۆژیای ئاینی و ئیسلامی کۆمەڵی ئیسلامی هەڵگری گوتارێکی ئیسلامی جیهادیانە بووە، بەو مانایەی برِوای بەخەباتی چەکداری لەنێو پرۆسەی سیاسیدا هەبووەو ئەمەش بەشێك بووە لەدیاردەی کاری سیاسی لەکوردستاندا، کەهەر حزبە لەگەڵ کاری سیاسیدا هێزی سەربازیشی هەبووە. هەرچەندە پێکهاتەی کۆمەلایەتی و فیکری کۆمەڵی ئیسلامی پێکهاتەیەکی هەمجۆر بووە، بەجۆرێ تێبینی بوونی بیربۆچوونی سەلەفییەتی جیهادی توند کەلەلایەك برِوای بەبەشداری سیاسی نەبووەو زیاتر لەگەڵ دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆی ئیسلامیدا بووە، تادەگاتە ئاراستەی میانرەوی بێچەك کە برِوای تەواوی بەبەشداری سیاسی و کاری پەرلەمانی هەبووە دەکرێ، بەلام لەقۆناغەکانی دواتردا کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری پرۆسەی سیاسی و کاری پەرلەمانی دەکات و لەژێر جەبری هاتنەئارای بارودۆخە نوێیەکاندا دەستبەرداری پاشەکشەکردن لەئایدۆلۆجیای ئیسلامیزمی جیهادی بوو، لەگەڵیشیدا چووە نێو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانەوە. ئەم نەخشە سیاسییەی کۆمەڵی ئیسلامی زەینمان دەباتەوە سەر ئەزموونی کاری سیاسی بزوتنەوەی حەماسی ئیسلامی فەلەستین، بەجۆرێ حەماس لەهێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی توندی جیهادییەوە لەقۆناغێکی دیاریکراودا دەچێتە نێو پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەوەو زۆرینەی کورسییەکانی دەسەلات دەباتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەستبەرداری گوتارە جیهادییەکەی و شێوازی کارکردنی وەك




هێزێکی سیاسی و چەکداری نەبووە. بێگومان لەم نێوەندەدا بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان و فەلەستین وەك یەك نین و جیاوازن، بەلام دەتوانین خاڵی هاوبەش بەئاسانی بدۆزینەوە.

## نهێنییەکانی هاتنەناوەی کۆمەڵی ئیسلامی بۆناو کاری سیاسی و پەرلەمانی

هەرچەندە سەرکردەکانی ئەم هێزە ئیسلامییە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەکۆمەڵی ئیسلامی لەسەرەتای

دروستبوونەوە بڕوایان بەبەشداری سیاسی هەبووەو کاری سیاسی دەکەن، بەڵام هاتنەناوەوەو بەشداریکردن و هاوپەیمانێتیکردن بەم تایپەی ئێستا پەیوەندی بەچەند هۆکارو پاڵنەرو نهێنییەکەوە هەیە کەدەکرێ ئاماژەیان بۆبکەین:

یەکەم: لێدانی عێراق، بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی کارکردن بۆهێزە ئیسلامییە چەکدارەکان

ئەگەرچی ئەمریکا موشەکەکانی ئاراستەی بنکەو بارەگاکانی ئەنسارولئیسلام کرد، بەڵام پریشکی ئاگری عێراق بۆیەکەمجار بەر کۆمەڵی ئیسلامی کەوتو جگە لەزیانە مادییەکان نزیکەی(٦٠) ئەنداموو پێشمەرگەشیان بوونە قوربانی، بۆیە ئەگەر بەدیوێکدا ئەم موشەکبارانەی ئەمریکا رووەو کۆمەڵ بەهەڵە بووبێت لەرووی سەربازییەوە، بەڵام بەدیوێکیتردا ئەو پەیامەی لەگەڵ خۆیدا بۆکۆڵی ئیسلامی هەڵگرتبوو کەئیدی لێرەوە دەرفەتی کارکردنی بزوتنەوە ئیسلامییە چەکدارەکان کەمدەبێتەوەو بەجۆرێك لەجۆرەکانیش نامێنێت بەو ستایلو تایپەی پێشوویان. بۆیە دەبوو کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ بەریەککەوتنی یەکەم گورزی سەربازی ئەمریکادا روانینەکانی بۆئایندەی سیاسی عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەت روونتر بکردایەتەوە بۆخۆی(هەرچەندە دەبوو سەرکردایەتی ئەم هێزە خوێندنەوەشی بۆبەر لەروودانی لێدانی عێراقیش هەبووایە، چونکە لێدانی عێراق بەگشتیو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتو نزیکی ئەوان ببووە شتێکی بەڵگە نەویست، وەك لێدوانەکانی کۆڵ پاوڵ لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو باسکردن لەناوچەی خورماڵو بیارەی وەك شوێنی دروستکردنی بۆمبی کیمیاوی لەلایەن ئەنساورلئیسلامەوە). بەکرداریش تائەم ساتەوەختە دەرفەتی کارکردن لەبەردەم بزوتنەوە ئیسلامییە چەکدارەکاندا یەکجار بەرتەسکبۆتەوەو ئەتوانین بڵێین بەجۆرێك لەجۆرەکان نییە. هەندێ رووداوی دواتریش ئەم راستییەیان سەلماند وەك گرتنو قۆڵبەستکرانی(م.عەلی باپیر)و ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیو دواتریش گیرانی م.عەلی عەبدولعەزی رابەری پێشووی بزوتنەوەی ئیسلامی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە.

دووەم: دروستبوونی بۆشایی بیری جیهادی لەنێو مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیدا

راستە هەموو سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ بیری جیهادو خەباتی چەکداریدا بوون، بەڵام دەکرێ هەست بەوە بکەین کەچەند کەسێکیان زیاتر پێیان لەسەر ئەو بیرە جیهادییە دادەگرتو حەزیان بەوە دەکرد ئاراستەی سیاسیو چەکداری کۆمەڵ بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات(لەمەشدا چەند هۆکارێك رۆڵ دەبینن)لەم رووەوە کۆمەڵی ئیسلامی بەر لەلێدانی عێراق گورزێکی کوشندەی بەرکەوت، ئەویش بریتی بوو لەتیرۆرکردنی(عەبدوڵلا قەسرێ) ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کەسایەتی سەربازی نێو کۆمەڵی ئیسلامی، دوای لێدانی عێراقیش هەندێ لەسەرکردە سەربازییەکانیان لەترسی دەستگیرکردنیان لەلایەن ئەمریکاوە لەکوردستان هەڵهاتن، دیارترینیان(دڵشاد کەلاری) ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری ئەو حزبە بوو. دوایین رووداو کەرۆڵی هەبوو لەمەدا بریتی بوو لەقۆڵبەستکرانی ئەمیرو هەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە، بەشێوەیەك دەرفەتی مانەوەی بیری جیهادیو چەکداری لەنێو ئەو حزبەدا کاڵکردەوە، چونکە لەغیابی ئەو دەستگیرکردنەو دوو حاڵەتەکەی پێشوودا کۆمەڵی ئیسلامی بەبێ ئەمیر بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو عێراقو پارێزگاکانی کردو ئەمەش یەکەم هەنگاوی بەشداری سیاسی ئەو حزبە بوو بەمەبەستی مانەوەو بەردەوامیدانو خۆرێکخستنەوەی لەگۆڕەپانەکەدا. ئەم ئەنجامانەو هاتنەئارای بارودۆخی نوێو لەولاشەوە ئازادکردنی ئەمیرو هەندێ لەسەرکردایەتییەکەی پاڵنەرێك بوو بۆئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی درێژە بەمانەوەو بەردەوامی لەسەر مۆدێلی بەشداری سیاسی بدات تائەم قۆناغەی ئێستا، بەڵام گرنگە بپرسین ئایا ئەم جۆرە کارکردنە سیاسییەی کۆمەڵی ئیسلامی دەتوانێ کەشتی سیاسی ئەو حزبە بەرەو کەناری ئارامی ببات، یاخود دەبێت لێرە بەدواوە چی بکات بۆئەوەی لەپێشبڕکێی سیاسی کوردستانو عێراقدا دوانەکەوێت؟ ئایا کۆمەڵی ئیسلامی بەتەواوی دەستبەرداری ئایدۆلۆجیای جیهادی چەکداری بووەو چۆتە ناو مۆدێلی بەشداری سیاسیو کاری پەرلەمانییەوە؟ ئایا بەشێوەیەکی سروشتی کۆمەڵی ئیسلامی توانیویەتی بگاتە قەناعەتی بەشداری سیاسی بەم ستایلو جۆرەی ئێستای، یان بەشدای بەجەبری رووداوە سیاسیەکانەوە هەیە؟

هەندێ لێکچوون لەنێوان کۆمەڵا ئیسلامیو حەماسی ئیسلامی فەلەستینیدا

سەرەرای بوونی جیاوازی زۆر بەڵام لەنێون کۆمەڵی ئیسلامیو حەماسی ئیسلامیدا هەندێ خاڵا هاوبەش هەیە، کەدیارترینیان لێکچوونی ئاراستەو جۆری گوتاری ئیسلامیو ئاینی ئەم دوو هێزەیە، کەهەردووکیان دەچێتە نێو مۆدێلی بزوتنەوە ئیسلامییە چەکدارەکانەوە، ئەوانەی کە لەهەمانکاتیشدا بڕوایان

بەبەشداری سیاسیو کاری پەرلەمانی هەیە. چونکە هەردوولا خاوەنی هێزی چەکدار بوون، حەماس بەردەوامەو کۆمەڵی ئیسلامیش لەڕووی کاتەوە ئێستا نەماوە، بەڵام بەتەواوەتیش دەستبەرداری نەبووەو لەهەر دەرەفەتێکی گونجاودا توانای پێکهێنانەوەی مەکتەبی سەربازی هەیە بەهۆی مانەوەی ژیلەمۆی بیروڕای جیهادەوە. هەردووکیشیان لەپرۆسەی سیاسی وڵاتەکانیاندا بەشدارن، حەماس وەك هێزی دەسەڵاتدار لەکەرتی عەززەو کۆمەڵی ئیسلامیش پێشترو تانوسینی ئەم بابەتە وەك هێزی ئۆپۆزیسیۆن. هاوکات لێکچوونێکی زۆر لەنێوان گوتاری سیاسیو ئیسلامی کۆمەڵی ئیسلامیو حەماسی ئیسلامیدا هەیە، بەشێکی ئەم لێکچوونە لەپرۆسەی سیاسی وڵاتەکانیاندا دەردەکەوێتو بەشەکەی تریشی لەهەردوو کەسایەتی خالید مەشعەلو لەحەماسو دڵشاد کەلاری لەکۆمەڵی ئیسلامیدا بەرجەستەبووە، بەجۆرێ سەرکردایەتی ناوەوەی حەماسی ئیسلامی لەفەلەستین زۆرجار پەیڕەوی گوتارێکی نەرمو میانڕەوانە دەکات، لەکاتێکدا سەرکردایەتی دەرەوەی ئەم بزوتنەوەیە بەتایبەت لەدیمەشقو خودی خالید مەشعەل پەیڕەوی گوتارێکی بارگاوی بەجیهادو ئەدەبیاتێکی شۆڕشگێڕانەی ئاینی دەکات، بەبەراوردکردنی دۆخی حەماس لەگەڵ کۆمەڵ بەئاشکرا هەردووکیان لێکدەچن، چونکە بەهەمان شێوە سەرکردایەتی کۆمەڵی لەکوردستان پەیڕەوی گوتارێك دەکات کەبارگاوییە بەمۆدێلی بەشداری سیاسیو کاری پەرلەمانی، بەڵام دڵشاد کەلاری وەك سەرکردایەتییەکی دەرەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنو قسەو لێدوانەکانیدا بۆرۆژنامەکان لەئەدەبیاتێکی جیهادیو شۆڕشگێڕانەوە دەدوێو ڕووداوەکان دەخوێنێتەوە، هەرچەندە بەفەرمی وتەبێژی سەرکردایەتی دەرەوەی کۆمەڵی ئیسلامی نییە، بەڵام لەم دۆخەدا دەچێتەوە سەر خالید مەشعەل. دواجار لەئێستاشدا حەماسی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی لەپرۆسەی سیاسیدا بەشدارنو لایەنێکن لەگۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەم لێکچوونانەداو سەرەڕای ئەوەی کەحەماسی ئیسلامی گەیشتۆتە دەسەڵات مانای سەرکەوتنی ئەو هێزە نییە لەئەدای سیاسیو ئیداریدا بەهۆی ئەو بارودۆخو ڕووداوانەی کەلەوێ بوونیان هەیەو کاریگەری کردۆتە سەر کارکردنی ئەوان، چونکە هیشتا حەماسی ئیسلامی لەزۆر بواری کارکردنی سیاسی ئیسلامیدا نەکراوەتەوەو بڕواشی بەهەندێ شت نییە. لەلایەکیترەوە بەهەمان شێوە ئەگەرچی کۆمەڵی ئیسلامی لەئێستادا بەشدارە لەپرۆسەی سیاسیدا، بەڵام ئەمەش مانای سەرکەوتنی ئەم هێزە نییە، چونکە بەگوێرەی دوایین ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو لێکدانەوەی خۆشیان ئەنجامەکان جۆرێکە لەراوەستانو پاشەکشە لەکاتێکدا پێشبینی پێشکەوتنو دەنگی زیاتر دەکرا.

## ئایا کۆمەڵی ئیسلامی دەستبەرداری مۆدێلی حەماسی ئیسلامی فەلەستین دەبێت؟

کۆمەڵی ئیسلامی لەئێستادا پەیڕەوی لەمۆدێلی بەشداری سیاسیو کاری پەرلەمانی دەکات، بەڵام هێشتا پێیەکی لەناو مۆدێلی ئیسلامی چەکداریدا ماوەتەوەو پێیەکی بردۆتە نێو مۆدێلی بەشداری سیاسیەوە، بەتایبەت بنکەی جەماوەریو راهێنانو پەروەردەکردنی ئەندامەکانیان لەڕێگەی پەروەردەیەکی سیاسیو ئیسلامییەوە کەبارگاوییە بەمۆدێلە جیهادیوچەکدارییەکە. بەمانایەکی تر کۆمەڵی ئیسلامی نەیتوانیوە بنکەی جەماوەری خۆیو ئەندامەکانی بەمۆدێلی بەشداری سیاسیو کاری پەرلەمانی لەڕووی بیرکردنەوەی ئیسلامییەوە قەناعەت پێبکات، چونکە لەمۆدێلی بەشداری سیاسیدا هەموو جۆرە ئەگەرێك پێشبینیکراوە، وەك هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ هێزی نائیسلامیو عەلمانیدا، بردنەوەو دۆڕاندن، کارکردنی پراگماتیانەو مەرحەلیانە، ....تاد، لەلایەکیترەوە خێرایی ڕەوتی ڕووداوەکان ئەو دەرفەتەیان بەکۆمەڵی ئیسلامی نەدا تاوەکو بەشێوەیەکی سروشتیانە پەیڕەوی مۆدێلی بەشداری سیاسی بکات، بەڵکو بەشداریکردنەکە کتوپڕ بوو. بۆیە لەئێستادا هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ زەحمەتکێشان باڵی قادر عەزیزو حزبی سۆسیالیست دیموکرات ئەوپەڕی جێگەی نارەزایی بنکەی جەماوەریو ئەندامانیان بوو. لەلایەکیترەوە مۆدێلی بەشداری سیاسی تەنها بەوە نابێت لەپرۆسیەکی سیاسیو پەرلەمانیدا بەشداری بکەیتو ئیسپات وجودێك بکەیت، بەڵکو ئەم مۆدێلە پیویستی بەکرانەوەی فیکری، گۆڕیی ئاراستەی کارکردنی سیاسی، گرتنەبەری هەنگاوی سیاسی پراگماتییانە بۆسود وەرگرتن لەگەیشتنە دەسەڵاتو پێگەی سیسای کاریگەر هەیە، کەرەنگە لەم قۆناغەداو بەم خێراییە ئەم جۆرە رەفتارکردنانە لای ئەندامانو بنکەی جەماوەری کۆمەڵی ئیسلامی هەزم نەکرێو قبوڵ نەکرێ، چونکە نە لەسەری راهاتووەو نە لەسەریشی پەروەردە کراوە. بەمانایەکیتر مۆدێلی بەشداری سیاسی بۆهەر هیزێگی ئیسلامیو ئاینی ئەگەر بیەوێت بگاتە شوێنی مەبەستی خۆی پێویستە بچێتەوە سەر ئەزمونی دادو گەشەپێدانی تورکیا یان لانیکەم پەیڕەوکردن لەو ڕێو شوێنە سیاسیانەی کەئەو هێزە ئیسلامییە پەیڕەوی لێکردووەو ئێستا لەترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی تورکیادایە. هێندەش هەیە کۆمەڵا ئیسلامی ئەگەر بەتەواوەتی نەچێتە نێو مۆدێلی بەشداری سیاسیەووە کار لەسەر یاریکردن لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسیو فیکریو ئابوریو کۆمەڵایەتی نەکات، مەحاڵە بتوانێ درێژە بەمانەوەی سیاسی خۆی وەك هێزێکی کاریگەر بدات، چونکە لەئێستای کارکردنی سیاسیدا مۆدێلی حەماسی ئیسلامی مۆدێلێکی سەرکەوتوو نییەو توانای بەردەوامیو مانەوەشی بەشێوەیەکی زیندوو لەسەر شانۆی ڕووداوە سیاسییەکان نابێت ، رەنگە ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێچەوانەی ئەم بیروڕایەی ئێمەشەوە بن؟

تێبینی

ئەم بابەتە لەپێگەی (چاوی خەڵك)دا بڵاوکراوەتەوە.